

## ناساندنی پرۆگرامێک

# دروستکردنی فیلمی فێرکاری بە پرۆگرامی Screen Virtuoso



یەکێك لە شێوازە باوەکانی فێرکردن و ڕاهێنـــان، فێرکردنـــە لـــە ڕێگای CD وکۆمپیوتـــەرەوە، واتە فێرکردنی ئەلکترۆنی، بۆ دروستکردنی CDیەکی فێرکاری دەبێ لەسەرەتادا پرۆگرامێك هەبـــێ کە ئەرکی فێلم هەڵگرتنەوە لە شاشە بە باشی بەڕێوەببات و تۆماری گشت ئەو فرمانانە بکات کە پەیوەستن بـــە فێرکردنەوە. لەگەڵ دانانی دەنگ تاکو وەك فیلمێکی فێرکاری سوودی لێوەربگیرێ.

پرۆگرامـــی Screen Vi-tuoso یەکێکـــە لە باشـــترین ئەو پرۆگرامـــە بە هێزانـــەی کە لەگەڵ ئەوەیـــدا بەکارهێنانـــی زۆر ســـادەیە بۆ دروســـتکردنی فیلمی فێرکاری زۆر بە ســـوودە، پرۆگرامی ناوبراو بەرهەمـــی کۆمپانیای Fox Magic Software، ئامرازێکـــە بـــۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆیی شاشـــە کە بە ئاســـانی پـــاش تۆمارکردنی وێنە بە دیقەیەکی بـــەرزەوە، توانای گۆڕانی بە زۆربـــەی فۆرماتەکانی ڤیدیۆیی جوڵـــەداری هەیە، تەنیا بە چەند کلیکێکی ســـاکار وکەمتر لە چەند چرکە ئێوە دەتوانن وێنە ڤیدیۆییـــەکان تۆمار بکەن. زیادکردنی دەنگ هاوکات لە ڕێگای مایکرۆفۆنەوە، هەروەها دانانی یاداشت لەســـەر فیلمە ڤیدیۆیەکە، خەزنکردنی بە فۆرماتی AVI و توانای گۆڕانی بە زۆربەی فۆرماتە ڤیدیۆیەکانی وەك MPEG-1، WMV، DVD، MPEG2، VCD، SVCD و تەنانەت بە فۆرماتی فلاشیش.

فیلـــم هەڵگرتنەوە بـــەو پرۆگرامە فێرکارییە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ.

1- دیـــاری کردنـــی چوارچێوەی فیلمهەگرتنەوەکە لە شاشە.

2- داگرتنی دوگمەی Record بۆ دەستپێکی تۆمارکردن.

3- داگرتنی دوگمەی Stop بۆ کۆتایی هێنان بە تۆمارکردن.

بەشێك لە تایبەتمەندییە ســـەرەکییەکانی ئەو پرۆگرامە بریتین لە: دیاریکردنی وردی شـــوێنی فلیلم هەڵگرتنەوەکە لە مۆنیتۆر، کە دەتوانێ بەشـــێك یـــان تەواوی بەش لە شاشـــە بێت. هەروەك ئاماژەی پێکرا پشـــتیوانی کردن فۆرماتی AVI و گۆڕینی بە فۆرماتی فلاش بۆ دانانی فیلمە فێرکارییەکە لەســـەر ئەنتەرنێت. توانای دانانی ئیفکێتی جۆراوجۆر یان ڕێکخستنی و گۆڕانکاری کردن بە ماوس و زۆر توانای دیکەش.

# پرۆگرامێکی تایبەت بە دروستکردنی پاسۆرد بە شێوازی وێنە




پاسۆرد، یان کۆدی نهێنی، کلیلی پارێزەری نهێنییەکانی تاکەکەسیە، زۆرجاران بە ئاشـــکرابوونی کۆدی نهێنی تاکەکەسـێك هەرچی نهێنی کەســـەکە بووە ئاشـــکرابووە، جاری واش هەبووە بە ئاشکرابوونی کۆدی نهێنی هەرچی پارەی و سەرمایەی ئـــەو کۆمپانیا یا ئەو کەســـە بووە دزراوە، بۆ پاراستنی کۆدی نهێنی لە هەموو شتێك گرنگترە.

هەتاکو ئێســـتا پاســـۆرد یا کۆدی نهێنی لـــەم کاراکتەرانە پێکدێت کە لەســـەر کیبۆردەکە هەن وەك (پیتەکان و ژمارەکان و هێماکان) بۆ نموونە (js2&#K). زۆر پرۆگرامی تایبەتیش هەن بۆ دروســـتکردنی پاســـۆردێکی جێگای متمانە. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆگرام گەلی دیکەش هەن کە تایبەتن بە دۆزینەوەی پاسۆردەکان، هەربۆیە ئەم پاسۆردانەی کە لەم کاراکتەرانە پێکدێن ئەوەندەش جێگای متمانە نین.



بۆ چارەســـەکردنی ئـــەم گرفتە پســـپۆرانی بـــواری کۆمپیوتەر لە زانکـــۆی نیوکاســـل پرۆگرامێکیان دروستکردووە کە لەبری بەکارهێنانی ئەم کاراکتەرانە، دەکرێ کۆدی نهێنی (پاســـۆرد) لە وێنە پێك بێت کە بە وشەی نهێنی گرافیکی ناسراوە. ئەوانەی کە ئەو پرۆگرامەیان بەکارهێنـــاوە دەڵێن ئەو پرۆگرامە هەزار قات جێگای متمانەترە لە وشەی نهێنی دەقی ئاســـایی، هەروەها لەبیرنەچوونەوەشی زۆر ئاســـانە. بۆ نموونە بەکارهێنـــەر وێنەی کۆترێك و ورچێك و دارێـــك دەکاتە کۆدی نهێنی. پێموایە کەس ناتوانێ ئەمجۆرە کۆدانە بکاتەوە.






# هاندە سەرکەوتووەکانیساڵی ٢٠٠٧

ئەو ژمارەی گوڵان یەکەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لە جیهانی ITدا مۆبایل جێگای تایبەتی خۆی و لە راستیدا یەکەم ئامێری گشتگیرە لە جیهاندا، لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تاکو ئێستا بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرە لە جیهاندا خێراییەکی سەیری بەخوە دیوە. کۆمپانیاکان زیاتر لە هەموو سات زیاتر لە رکابەری دان. لە توێژینەوەیەکدا کە دامەزراوەی " نی تایم" ئەنجامی داوە مۆبایلە سەرکەوتووەکانی ساڵی ٢٠٠٧ دەست نیشان کردوون ١٥ دانەن. لە راپۆرتی ئەو دامەزراوەیەدا هاتووە ١١ هاند لەو ١٥ هاندە لە زۆرتایبەتمەندیدا هاوبەشن. لە ریزی یەکەمی ئەو هاندانەشدا هاندی LG لە جۆری voyager بەیەکەم دەرچووە. هەروەها هاندی دووەهەمیش هەر هی کۆمپانیای LGی ەکە بە هاندی Venus ناسراوە.

مۆبایلی جۆری SGH-F٧٠٠ی کۆمپانیای سامسۆنگ لە ریزی سێهەم دابووە. هاندی Imit٩٥٠٢ لە ریزی چوارەم دایە. مۆبایلی ژمارە (٥)یش ئەویش هەر هی کۆمپانیای LG یە کە بە مۆبایلی KS٢٠ ناسراوە. هاندە سەرکەوتووەکانی دیکەش ئەمانەن: نوکیا -٩٥ سامسۆنگ SCH-i٧٦٠ - نۆکیا N٨٢ - AT&T Tilt -T-Mobile Sidekick LX - سامسۆنگ Giorgio Armani Phone -HTC Touch Cruise - موتورولا Q٩c- ئایفۆن و HTC Touch Dual.



سەردەمی زوو، ئەوەی تەنیا لە مەچەکی دەست خرابا، هەر کاتژمێر بوو، دیارە بۆ ئافرەتان بازن و پاوانەش هەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە بە پەرەسەندنی جیهانی تەکنەلۆژی و بەرهەمهاتنی ئامێری نوێ، مەچەکی پیاوان تەنیا کاتژمێری تێدا نییە، بگرە مۆبایل و ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی مۆسیقی وەك MP3 Player و Iipodیش لە مەچەك دەخرێن.

# MP3 Player یان کاتژمێر

ئەو MP3 Playerەی دەیبینن، بەرهەمێکی نوێی کۆمپانیای Ambience Enhancerە و خاوەنی هیدفۆنێکی گەورەیە.

دەستبەندەکەی تەواو لە چەرمە و بە زۆری وەرزشوانان حەز لەو ئامێرە دەکەن. ئەو MP3 playerە کە بە مۆدێلی Steam Punk ناسراوە ئیمکانی بڵاوکردنەوەی مۆسیقی بە فۆرماتەکانی MP3 و WMA هەیە.

دوو شاشەی بچووکی هەیە کە کە زانیاری تایبەت بە گۆرانی و مۆسیقییە کە نیشان دەدات.




# وێب کەمێک لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە

کۆمپانیای Microsoft وێب کامێکی نوێی هێناوەتە بەرهەم کە بە نوێترین وێبکەمی ئەو کۆمپانیایە دادەنرێ. وێبکەم یان بە واتایەکی دیکە بڵێین کامێرای تایبەت بە ئەنتەرنێت، هەر ئەو کامێرایە کە لە کۆفی نێتەکاندا لەسەر کۆمپیوتەر دەبیندرێن، سەرەڕای ئەرکی گواستنەوەی وێنەی بەکارهێنەر، دەنگیش دەگوازنەوە، بۆ ڤیدیۆ کۆنفرانسەکان زۆر پێویستە.

ئەم مۆدێلەی نوێیەی وێب کەمی مایکرۆسۆفت بە Li-ecam VX-7000 ناسراوە، دیقەی وێنەکەی لەکاتی وێنە گرتندا دەگاتە 2 میگا و لە کاتی فیلم هەڵگرتنەوەشدا 800×600 پیکسلە. ئەو وێبکەمە مایکرۆفۆنێکی هەیە کە دەنگە دەنگە زیادییەکان لادەبات، لێنزی ئەو وێبکەمە لە جۆری Wide کە دەکرێ تاکو 71 پلە بە دەوری خۆیدا بسوڕێ. جگە لەوەش لەو شوێنانەی کە رووناکییەکەی گونجاو نییە وێبکەمی ناوبراو وێنەکەی خۆی هەر بەباشی بەرێ دەکات. بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر لە پۆرتی USB سوود وەردەگرێ.

# ١٥ فرمان بۆ پاراستنی ئەمنییەتی کۆمپیوتەر

## ٢-٢

لە ژمارەی رابردوودا باسی ئەوەمان کرد کە زۆر کەس گلەیی هەیە لە ئاستی دابەزینی خێرایی کۆمپیوتەر، پێیوایە خێرایی کۆمپیوتەرەکەی بەرەو دابەزین رۆیشتووە، یان وەك ئەسپێکی سەرکێش دەچێ، تەنیا بە ویستی خۆی فرمانەکان جێبەجێ دەکات. هەر لە ژمارەی رابردوودا ئاماژەمان بە گرتنەبەری 15 فرمان کرد کە ئەگەر ئەو فرمانانە جێبەجێ بکرێن تا رادەیەکی زۆر خێرایی کۆمپیوتەر دەچێتەوە سەر. لە ژمارەی پێشوودا باسی 7 خاڵ لەو 15 خاڵەمان کرد، ئێستاش باس لە خاڵەکانی دیکە دەکەین.



-8 بەرگری کردن لە دزە کردنی هاککەرەکان: بۆ بەرگری کردن لە دزەی ئەو ئەهریمەنانەی کۆمپیوتەر دەبێ بە دڵنیاییەکی زۆرەوە لە پرۆگرامی دژە هاك سوود وەربگری و لەبیرتان نەچێ کە ئەو پرۆگرامانەش هەمیشە ئاپدیت بکرێنەوە، بۆ نموونە دەتوانی سوود لە پرۆگرامی Black ice یا Zone alarm سوود وەربگرن.

-9 سوود وەرنەگرتن لە Internet Explorer: بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی سوود وەرگرتن لە IE وەك یەکێك لەسەرەکیترین دینەمۆی ئەنتەرنێت، زۆر لە پرۆگرامەکانی سیخوڕی و Trojan تەنیا لەو کاتەدا دادەبەزنە سەر کۆمپیوتەرەکەت کە لە پرۆگرامی IE سوود وەربگری، هۆکارەکەشی بۆ باوبوونی IE دەگەڕێتەوە. ئەگەر پێت دەکرێ بۆ چوونە ناو سایتەکان بە تەنیا IE بەکار مەهێنە، بگرە دینەمۆکانی تری وەك Opera، Fire foxش بەکار بێنە. بەڵام ئەگەر زۆر لایەنگری لە دینەمۆی IE دەکەی، پێویستە لە پاراستنی ئەمنیەتی ئەو پرۆگرامەدا هەوڵ بدەی. بۆ نموونە هەمیشە دوای پچرانی هێڵی ئەنتەرنێت Cookieیەکان واتە ئەو فایلانە باس لە ناونیشانی سایتێك دەکەن بسرنەوە. یان ناوەرۆکی Te-porary Internet file بسرنەوە.



-10 داونلۆدێکی جێگای متمانەت هەبێ: هەمیشە هەوڵ بدە کە لەو سایتانەی جێگای متمانەن پرۆگرام دابەزێنی و ئەو سایتانە مەکەوە کە بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر پرۆگرام دەبەخشن. ئەو سایتانە هەمیشە بەو پرۆگرامانەی دەبنێرن ئەگەری ئەوەی هەیە کە رێژەیەکی زۆر ڤایرۆس بەرێ بکەن. جێگای دڵنیایی ترین سایتەکانی داونلۆد، سایتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنی پرۆگرامەکانن وەك سایتی Adobe بۆ پرۆگرامەکانی خۆی.

-11 سوود وەرگرتن لە NTFSFAT: ئەگەر سیستەمە بەگەرخەرەکەتان لە FAT 16 سوود وەردەگری هەر ئێستا بیگۆرە بیکە بە FAT32، یان بیکە بە FAT NTFS. ئەگەر لە FAT32یش سوود وەردەگری بیکە بە FATNFFS . هۆکاری ئەو بردنە سەرەش ئەوەیە، کە قەوارەو رێژەی فایلەکانی سیستەمدا خەزن دەبن زیاد دەبێت. جگە لەوەش ئەمنییەتێکی زۆر بۆ سیستەمەکەی ئێوە دێنێ.

-12 Anti pop up رەنگە بیان ناسن، هەر ئەو پەنجەرانەی کە لەکاتی پەیوەندی بە ئەنتەرنێتدا بە بێ ئیزنی بەکارهێنەر لەسەر شاشەکە دەردەکەون و بە زۆری رێکلام بۆ شوێنێك دەکەن. ئەو رێکلامانە دەبنە هۆی قفڵ بوونی پرۆگرامی ئەنتەنێت و خێرایی Load بوونی ئەو لاپەڕانەی دادەبەزن. جگە لەوەش لە زۆر کاتدا کۆدی تێکدەر و ڤایرۆسیش بەرێ دەکەن. بۆ لابردنی ئەم گرفتە پێویستە پرۆگرامی Aswareەتان لەسەر کۆمپیوتەر هەبێ.



-13 ServicPack: هەمیشە ویندۆزەکانی خۆتان رۆژەڤ بکەن، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت پاش دانانی هەر ڤێرژنێك لە سیستەمی بەگەڕخەر، کۆمەڵێك پارچەی چاککاری رۆژەڤ دەکات و لەسەر سایتەکەی خۆی دایدەنێ کە ئەو پارچانە بریتین لە کۆمەڵێککۆدی چاککاری بۆ بردنە سەری خێرایی و ئەمنییەتی سیستەم. هەوڵ بدە لە رێگای ئەنتەرنێتەوە دایبەزێنە سەر کۆمپیوتەر.

-14 هاوبەشی نەکردن: لەو تۆڕانەی کە زۆر جێگای متمانە نین یان بۆ تۆ نامۆن، قەت فایل و فۆڵدەرەکانتان مەکەنە هاوبەش. جگە لەوەش توانایی Remoteش لەسەر سیستەمەکەتان لە چالاکی رابگرن. تاکو کەسانی دیکە نەتوانن بێنە ناو سیستەمەکەتان.

-15 دانانی ئەنتی ڤایرۆس: ڤایرۆسەکاڕن زۆرترین سەرچاوەی سیستەم بەخۆیان و ئامانجەکانیان دیاری دەکەن و هەوڵ دەدەن سیستەم بەلارێدا بەرن. هەربۆیە کۆمپیوتەرە ئالوودە بووەکان بە ڤایرۆس تووشی دابەزینێکی زۆر بوونە. هەندێك لە ڤایرۆسەکان تەنانەت دەتوانن سیستەمیش لەکار بخەن. هەربۆیە دەبێ هەمیشە ئەنتی ڤایرۆسێکی زۆر باش کە لە رێگای ئەنتەرنێتەوە ئاپدیت بکرێتەوە دابەزێنن. پرۆگرامی ئەنتی ڤایرۆس گەلێکن، جیاوازیشیان هەیە، بەڵام کرداری هەموویان وەك یەکە، ئەویش دۆزینەوەی فایلە ئالوودە بووەکان تەنیا جیاوازیان لە خێرایی و وردبینیەکەیان دایە. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بن کە دانانی ئەنتی ڤایرۆس بەتەنیا بەس نییە، دەبێ ئەو ئەنتی ڤایرۆسە بەردەوام لە رێگای ئەنتەرنێتەوە خۆی نوێ بکاتەوە، ئەگینا خودی ئەنتی ڤایرۆسەکە پاشماوەیەك دەبێتە پرۆگرامێکی بێ کەڵك و زیانبەخش، چونکە سیستەم داگیر دەکات.